1- ............................. ئەو ڕاهێنانەیە کە ئامانجی چاککردنی باری لەشە لە کەم و کوڕی.

2- ماوە ........................ دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو قوتابیەکان بچووك بوون.

3- ............................. ئەو بارەیە کە لەش پێش جێ بەجێ کردنی جوڵەو پاش جێ بەجێ کردنی وەری دەگرێت.

4- یارییەکانی ........................ بریتیە لە جوڵەکانی مەشق کردن بۆ هەستە جیاوازەکان.

5- ............................. ئەو جوڵەی دووەمە کە لەدوای جوڵەی یەکەم دێت و لەگەل کارپێکردنە سەرەکیەکە دێت.

6- ئامانجەکانی یارییە بچووکەکان بژمێرە.

7- مەرجەکانی بانگێشت بەشێوەیەکی گشتی بژمێرە.

8- ڕاهێنانی جەستەیی پێناسە بکە.

9- جۆرەکانی ڕاهێنانی جەستەیی بنووسە.

10- جۆرەکانی رقی ڕاهێنان بژمێرە.

11- سوودەکانی جوولەی تەواوکەری بژمێرە.

12- بارە سەرەتاییەکان بژمێرە.

13- چەند جۆری باری سەرەتایی رەسەن هەیە؟ بیانژمێرە.

14- ڕاهێنانێکی جەستەیی سادە بنووسە.

15- ڕاهێنانێکی جەستەیی تێکەلاو بنووسە.

16- ڕاهێنانێکی جەستەیی ئالۆز بنووسە.

17- ڕاهێنانێکی جەستەیی سادە لەباری (دانیشتن لەسەر ئەژنۆ) بە 2 ژمارە بنووسە.

18- ڕاهێنانێکی جەستەیی سادە لە وەرگیراوێك زیاتر بیت بنووسە.

19- ڕاهێنانێکی جەستەیی تیکەلاو لەباری (ڕاوەستان ؛دەستەکان لە پێشەوە) بە 4 ژمارە بنووسە.

20- ڕاهێنانێکی جەستەیی تێکەلاو لەباری (دانیشتن ؛دەستەکان لەکەمەر؛پێ ی ڕاست لە پێشەوە)بنووسە.

21- ڕاهێنانێکی جەستەیی ئالۆز لە باری (درێژبوون لەسەر پشت) بە 2 ژمارە بنووسە .

22- مەرجەکانی نووسینی باری سەرەتایی بنووسە.

23- بانگهێشت پێناسە بکە.

24- جیاوازی لە نێوان زاراوەو بانگهێشت چیە؟

25- بنەماکانی گشتی ئەنجامدانی بانگهێشت بژمێرە.

26- مەرجەکانی بانگهێشت بە شێوەیەکی گشتی بژمێرە.

27- کەی مامۆستا بانگهێشت دەخوێنێتەوە؟

28- بەشەکانی بانگهێشت بژمێرە.

29- بەشی هەوال پێناسە بکەو رێنماییەکانی بژمێرە.

30- بەشی ماوە چییە؟ رینماییەکانی بژمێرە.

31- کەی ماوە کورت دەکرێتەوە؟

32- کەی ماوە درێژدەکرێتەوە؟

33- بەشی ئەنجامدان پێناسە بکەو رێنماییەکانی بژمێرە.

34- پێناسەی یارییە بچووکەکان بکە.

35- لایەنە باشەکانی یارییە بچووکەکان بژمێرە.

36- جۆرەکانی یارییە بچووکەکان بژمێرە.

37- گرنگی یارییە بچووکەکان چین؟بیانژمێرە.

38- ئامانج لە یارییە بچووکەکان چیە؟

39- چۆن یارییە بچووکەکان دەستنیشاندەکرێت؟

40- چۆنیەتی وانەووتنەوەی یارییە بچووکەکان لەلایەن مامۆستا .

41- ئەو خالآنە بژمێرە کە پێویستە لەکاتی نووسینی یارییە بچووکەکان.

42- یارییەکی بچووك بنووسە کە خزمەت بە کارامەی (پاسدان بەناوەوەی پیَ )بکات.

43- یارییەکی بچووك بنووسە کە خزمەت بەکارامەی (پاسدان لەئاستی سنگ )لەتۆپی سەبەتە بکات.